# نامەیەك لە "فیدراسیۆنی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی"
# بۆ پەرلەمانتارانی كوردستان

## پەرلەمان لە هەڵەبجە كۆدەبێتەوە، بۆئەوەی هەڵبژاردن ئەنجامنەدرێت !

پەرلەمانتارانی بەڕێز، ئێوە دەچن بۆ هەڵەبجە:

– لەپێناو بە یاساییكردنی بەركەوتەی حزبە براوەكانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، نەك بەركەوتەی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە.

– لەپێناو شەرعیەتدان بەو ڕێوشوێنانەی كە لە یاسای هەڵوەشاوەی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩)ی سەردەمی بەعسدا هاتووە، ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ دۆخی یاسایی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، كە لە ٢٠١٤/٤/٣٠ دا ئەنجامدرا.

– لەپێناو شەرعیەتدان بە پێشێلكردنی یاسا كارپێكراوەكانی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستاندا.

پەرلەمانتارانی بەڕێز:

دەستخۆشیتان لێدەكەین كە چوونەتە هەڵەبجەو لەوێ كۆدەبنەوە، ئەمە بەرز دەنرخێنین‌و هەنگاوێكی دڵخۆشكەرە، بەڵام بیرتان نەچێت ئێوە لە هەڵەبجە:

– لەبری ئەوەی جەخت لەسەر جێبەجێكردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی پارێزگاو قەزاو ناحیەكانی هەرێمی كوردستان بكەنەوە، بۆئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە ئەنجامبدرێت، دەچن یاسایەكی موسەكینئاسا دادەتاشن‌و بە بەری ئیدارەیەكی هەڵنەبژێردراوی پارێزگای هەڵەبجەدا دەیدورن، یاسایەك كە تەنهاو تەنها ئیشتهای حزبەكان دەكاتەوە نەك دەنگدەرانی هەڵەبجە، یاسایەك كە مامەڵەیەكی زۆر شەرمنانەو تێكەڵ‌و پێكەڵ لەتەك هەردوو یاسای ژمارە (٣) و (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)دا دەكات، كە دەرەنجام ڕۆحی یاسا پەسەندكراوەكەی هەڵەبجەتان، بۆنی یاسای هەڵوەشاوەی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩)ی سەردەمی بەعسی لێدێت، نەك دوو یاسا كوردستانییە پێشێلكراوەكە.

– لەبری ئەوەی یاساكەی هەڵەبجەتان جەخت لەهێنانەپێشەوەی تۆماری دەنگدەرانی هەڵبژاردنی ٢٠١٤/٤/٣٠ بكاتەوە، بۆئەوەی لە هەڵبژاردنی پۆستە ئیدارییەكانیدا پارێزگایەكی تاقانە بێت، یاساكەتان جەخت لە بەركەوتەی حزبە براوەكانی ئەو هەڵبژاردنە دەكاتەوە.

پەرلەمانتارانی بەڕێز:

یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان چاودێریکردنە لە دروستی جێبەجێکردنی یاسا دەرچوێندراوەکان، هەربۆیە حوکمەکانی هەردوو یاسای ژمارە (٣) و (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) ئەوەمان بەسەردا ئیلزام دەکەن کە هەریەك لە پۆستەکانی ئەنجومەنی پارێزگاو سەرۆکی ئەنجومەن و پارێزگارو دوو جێگرەکەی لە هەڵەبجەدا، بەهەڵبژاردن یەکلایی بکرێنەوە ! کە ئەویش کارێکی گران نییە، لەبەرئەوەی:

**یەکەم:** ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەسنورێکی دیاریکراودایە، کەخۆی لە مەڵبەندی (٨٢) لەگەڵ بەشێك لە مەڵبەندی (٨١)ی کۆمپانیای خۆراکدا دەبینێتەوە.

**دووەم:** پێویستمان بە ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران نییە، چونکە دەتوانرێت هەڵبژاردن لەسەر ئەو تۆمارە ئەنجامبدرێت، کە لە هەڵبژاردنی (٢٠١٤/٤/٣٠)دا کاری لەسەرکراوە، لەگەڵ زیادکردنی لیستی ناوی لەدایکبووانی ساڵی ١٩٩٦ بۆ وێستگەکانی دەنگدانی هەڵەبجە.

**سێیەم:** پێویستمان بە دەنگدانی تایبەت نییە، بەسود وەرگرتن لە هێزەکانی ناوخۆی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی بنکەکانی دەنگدان.

**چوارەم:** داوای هاوکاری لە ئۆفیسی سلێمانی کۆمیسۆنی عێراق بکرێت، بە مەبەستی دابینکردنی (١٥٣) سندوق و (٣٠٦) کابینەی هەڵبژاردن بۆ رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە.

**پێنجەم:** پێڕەوو رێنماییو رێوشوینەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمسیۆنی عێراقەوە دەرکراوە، هەربۆیە ئەنجومەنی کۆمسیارانی کوردستان دەتوانێت، بە کەمێك دەستکارییەوە، پەسەندی بکات.

**شەشەم:** بەپێی ئەو دابەشکارییەی کە پێشتر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق کاری لەسەرکردووە، نەخشەی گشتی هەڵبژاردن لە پارێزگای هەڵەبجەدا پێکهاتووە لە:

**{ ( ٥ ) ناوەندی لاوەکی + ( ٢٧ ) ناوەندی دەنگدان + ( ١٥٣ ) وێستگەی دەنگدان + ( ٦٤٦٤٢ ) دەنگدەر }**

کەواتە، پەرلەمانتارانی بەڕێز:

بۆئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنو راپرسی تەنها پێویستی بە (٣٠) کارمەند هەیە بۆ ناوەندە لاوەکییەکان بە گرێبەستی (٣) مانگ کارکردن، لەگەڵ (٩٠٠) کارمەند تەنها بۆ رۆژی هەڵبژاردن، لەگەڵ بودجەیەکی دیاریکراو بۆ وەگەڕخستنی کاروبارو پێداویستیە لۆجستییەکانی تر.

ئێمە وەك فیدراسیۆن، دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، لەبری ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بیر لە داتاشینی یاسای ناجۆر بۆ ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە بکاتەوە، باشتروایە هەنگاوی دروست لە پێناو

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەو پارێزگایەدا بهاوێژێت، وەك ڕێزگرتن لە دەنگی دەنگدەرانی پارێزگای هەڵەبجەو گەڕاندنەوە بۆ شەرعیەتی هەڵبژاردن لە پرکردنەوەی پۆستەکانی ئەو پارێزگایەدا، بە ئامانجی پیادەکردنی سەروەری یاساو گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ یاسا کارپێکراوەکان.

## فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

**٢٠١٥/٢/٤**

**خشتەی ژمارە -١-**

**نەخشەی گشتی هەڵبژاردن لە پارێزگای هەڵەبجەدا (٢٠١٤/٤/٣٠)**

| ز | ناوەندی لاوەکی (المراکز الفرعیة) | ژمارە # | ناوەندی دەنگدان | وێستگەی دەنگدان | ژمارەی دەنگدەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناوەندی شاری هەڵەبجە | ١٢٨٢ | ١٠ | ٥٩ | ٢٤٢٤٣ |
| ٢ | ناوەندی شاری هەڵەبجە | ٣٢٨٢ | ٩ | ٤٤ | ١٨٧٣٩ |
| ٣ | ناحیەی سیروان | ٢٢٨٢ | ٢ | ١٤ | ٦١١٤ |
| ٤ | ناحیەی خورماڵ | ٣٢٨١ | ٤ | ٢٦ | ١١١٦٩ |
| ٥ | ناحیەی بیارەو تەوێڵە | ٢٢٨١ | ٢ | ١٠ | ٤٣٧٨ |
| کۆی گشتی | | | ٢٧ | ١٥٣ | ٦٤٦٤٢ |

| فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی FCSO | |
|---|---|
| - پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- KIE | - ڕێکخراوی گەشە پێدانی چالاکی لاوان- YADC |
| - ڕێکخراوی وادی – WADI | - سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ- DHRD |
| - ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی ژنان- WOLA | - ڕێکخراوی دەستپێشخەری کومەڵی مەدەنی – CSI |
| - ڕیکخراوی ئاشتی مەسیحی - CPT | - ڕێکخراوی داکۆکی لەماف |
| - ڕیکخراوی ئاران- Aran Organization | - ڕێکخراوی ڕێژوان |
| - ڕیکخراوی فریا – Frya Organization | |